# مورشیدی کامڵ و ناسینی نیشانەکانی
# بوون بە میراتگری پێغەمبەرو مەرجەکانی





نوسینی

مەلا ڕەزوان ناسراو برینداری شاعر


ڕێبازەکانی حەق و نوور... ڕێبازی دووەم

پەیامەکانی حەق و نوور

پەیامی دووەم

# مورشیدی کامڵ و ناسینی نیشانەکانی

# وە بوون بە میراتگری پێغەمبەرو مەرجەکانی

نوسینی

مەلا ڕەزاون ناسراو بریندارى شاعر

چاپی یەکەم

٢٠١٧ زاینی

## مورشیدی کامڵ و ناسینی نیشانەکانی







**ئیمان ، ئیسلام ، ئیحسان**

**یەکگرتن ، خزمەت کردن** ڕێگامانە

**پاکسازی ، چاکسازی**

## مورشیدی کاملّ و ناسینی نیشانەکانی.

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونسغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا، من يهد الله فهو المهتد ومن يضلل فلن تجد له وليا مرشدا، والصلاة والسلام على حبيبه المصطفي وآله وصحبه ومن إتبعهم بإحسان الى يوم الدين.

أما بعد:

"خۆشەویستەکانم": ئێمە لەسەر دەمێکدا ئەژین سەردەمی مادەو ئارەزووبازی و دونیاپەرستیە خوا پەنامان بدات، خەڵك کەوتۆتە نێو بێ ئاگاییەکی قووڵ

ئەمەش بەهۆی دەروونە بەدخوازەکانمان کە وای لە ئێمە کردووە کەوا بکەوینە بێ ئاگایی و دوور لە ڕەوشتی ئیسلامێتی ڕەسەن کە باوك و باپیرانی ئێمە دەستیان پێوە گرتبوو لە ڕێی دینە پاکەکەیانەوە کە دینی پیرۆزی ئیسلامە، جا خۆشەویستەکانم هەر سەردەم و کاتێك ئەگەر بینرا کەوا خەڵکان کەوتوونە نێو دونیا پەرستیەوە ئەوا خوای گەورە کەسانێکی ئەهلی زانست و دین ڕەوانە ئەکات بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر بەرنامە سرووشتیەکەی مرۆڤ کە خوای گەورە لەسەری دروستی کردووە ئەویش یەکتاپەرستی و ڕەوشت بەرزیە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی خواپەرست و ڕەوشت بەرز لە هەموو بەها بەرزەکان کە شارستانیەت بەرەو پێشەوە ببات، جا خوای گەورە

سوننەتی وا هاتووە لەسەر ئەم زەویە کەوا بەردەوام خوای گەورە کەسانێکی زانستخوازو عاریف بنێریٚ بۆ نویٚ کردنەوەی ئایینەکانی خۆی هەر لەسەر دەمەکانی زووەوە تا ئیمڕۆکەمان، سەردەم بۆ سەردەم بە پێی کات و زەمان، جا لە هەر سەردەمێکا نەخۆشی نویٚ هەبووە پێویستی بەدەرمانێکی نویٚ هەبووە، ئەم دەرمانە نوێیانەش لە ڕێی تێگەیشتنی زاناکان و خواناسە ڕۆچووەکانی دین دروست کراون بۆ خەڵکی سەردەمەکانی خۆیان، ئیتر خەڵکی ئەمانەیان کردە چاوساغ و ڕابەڕی خۆیان تاوەکوو ڕێگەی ڕزگاری و سەرفرازی هەردوو ژین بە دەست بهێن، لەوانەیە کەسێك بپرسیٚ باشە ئەوەی تۆ باسی دەکەیت دەباشە سیفەتی ئەو زاتە بەرزانەمان پیٚ بڵیٚ تاوەکوو ئێمەش

بیان ناسین و ڕێگا ون نەکەین بە تێگەیشتنێکی قووڵی ئەوانەوە سەیری دین و ژین بکەین، بۆیە ئێمەش لە ڕێی ئەم نامیلکە بچووکەوە هەوڵ ئەدەین سیفاتەکانی ئەو ڕابەرو مورشیدانە بخەینە بەر دەستی خوێنەر تاوەکوو لای ڕۆشن بێت، بەناو مورشید و مورشیدی کامڵ لێك جیاکاتەوە، وە ئەوانەی کە ناویان لە خۆ ناوە شێخ و مورشید با سەیری ئەم سیفاتانەیان بکەن بزانە تیاندا هەیە ئەگەر هەبوو ئەوە خۆیەتی، وە ئەگەر نەشی بوو ئەوە دەست نادات بۆ ئەوەی تا خەڵك شوێنی بکەوێت، چونکە ئەوەی گڵۆپ نەبێت چۆن ئەتوانێ دەوری خۆی ڕووناك بکاتەوە .

## نوێکەرەوەی دین لە سەرەتای هەر سەد ساڵێك.

"خۆشەویستان" هەروەکوو گوتمان لە سەرەتا کەوا خوای گەورە لەسەرەتای هەر سەد ساڵێك نوێکەرەوەیەك ئەنێرێت کە پێی ئەگوترێت: مجدد، واتە: نوێکەرەوە، ئەمەش لە کاتێکدا کە خەڵکان پشتیان لە دین کردبێت و دین بێ هێز بووبێ لەنێو خەڵکا، ئەمانیش بەهۆی سیفەتی میراتگرێتی ڕاستەقینەی پێغەمبەری خوا هەڵ ئەستن وەك ئەرکێکی ئاینی خۆیان بەرپرسیار ئەزانن لە ئاست ئەو نەهامەتیەی کە ڕووی لە دین و بیروباوەڕی خەڵك کردووە، هەروەکوو پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەفەرمووێت:

(إِنَّ اللهَ يَبْعَثُ لِهَذِهِ الأُمَّةِ عَلَى رَأْسِ كُلِّ مِائَةِ سَنَةٍ مَنْ

يُجَدِّدُ لَهَا دِينَهَا)[1] واتە: (خوای گەورە لە سەرەتای هەموو سەد ساڵێکدا کەسانێك بۆ ئوممەتی ئیسلام دەنێرێ بۆ نویٚ کردنەوەی ئەم ئایینە پیرۆزە)، وە کەسی نوێکەرەوە"موجەددید" هەر وەکوو ئیمامی مەنناوی (رحمه الله) لە کۆمەڵێك لە زاناکانەوە پێناسەی کردووە، کەوا فەرموویانە: (نابێتە نوێکەرەوە مەگەر زانا بێت بەزانستە دینیە ئاشکراکان و

[1] صەحیحە. ئەبو داود لە (سنن أبی داود)(ژ٦٥٢٧)، وە حاکم لە (المستدرك)(ب٤/ل٥٦٧/ژ٨٥٩٢)، وە تەبەڕانی لە (معجم الأوسط)(ب٦/ل٣٢٣/ژ٦٥٢٧) ڕیوایەتیان کردووە. ئەلبانی بە صەحیحی داناوە لە (صحيح الجامع الصغير)(ژ١٨٧٤).

شاراوەکان)[٢]، وە محمد شمس الحق العظیم ئابادی لە "عون المعبود"دا دەفەرمویٚت: مەبەست بە نویٚ کردنەوەی دین بۆ ئوممەت: (ژیانەوەی زانستە لە ناوچووەکانە بە قورئان و سوننەت، وە فەرمان کردنە بە جیٚ بەجیٚ کردنیان، وە هیچ کەسیٚك نازانیٚ ئەوە نویٚ کەرەوەی دینە تەنها بەهۆی زۆری گومان بردن بە نزیکی ئەحواڵ و سوود گەیاندنی زانستەکەی لە لایەن ئەو زانایانەوە کە هاوسەردەمی ئەون، بیٚ گومان نویٚ کەرەوەی دین پیٚویستە زانا بیٚت بە زانستە دینیە ئاشکراو شاراوەکان، نویٚ کەرەوەی سوننەت بیٚت، وە بنەبڕکەرو لە ناو بەری بیدعەت بیٚت، وە زانستەکەشی

[٢] (فیض القدیر)(ب٢/ل٣٦٥): هی زین الدین محمد عبد الرؤفي کوڕی تاج العارفینی کوڕی زین العابدینی حەددادی پاشان مەنناوی قاهیریە (و١٠٣١ه).

گشتگیر بێت بۆ خەڵکی سەردەمی خۆی، وە بێ گومان نوێ کردنەوە کاتێك دەبێت لە سەرەتای هەر سەد ساڵێکدا، ئەوەش لەبەر ڕۆیشتن و نەمانی زاناکان بەزۆری، وە لەبەر لە ناو چوونی سوننەتەکان، و بلاۆ بوونەوەی بیدعە (زیادکراوەکان لە دین)، بۆیە پێویستی بە نوێ کردنەوەی دین هەیە، جا خوای گەورە کەسانێك لەناو خەڵك دەهێنێ لە بری سەلەفی ساڵح ئیتر یەك کەس بێت یاخود چەند کەسێك بێت)[٣].

هەروەها پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) وەسفی میراتگرەکان و نوێکەرەوەکان ئەکات کە ئەفەرمووێت: ("إِنَّ العُلَمَاءَ وَرَثَةُ الأَنْبِيَاءِ"، إِنَّ الأَنْبِيَاءَ

[٣] (فيض القدير)(ب٢/ل٣٦٥)

لَمْ يُوَرِّثُوا دِيناراً وَلَا دِرْهَماً، وَإِنَّما وَرَّثُوا العِلْمَ فَمَنْ أَخَذَهُ فَقَدْ أَخَذَ بِحَظٍ وَافِرٍ)[٤]، واته: (زاناكان میراتگری پێغەمبەرانن بێگومان پێغەمبەرەكان دینارو دیرهەمیان بە میرات بەجێ نەهێشتووە، ئەوەی بەجێ یان هێشتووە زانستە، جا هەر كەسێك بەشی خۆی لەو زانستە وەربگرێت ئەوە بەشێكی زۆری وەرگرتووە)، كەواتە دەركەوت كەوا سیفەتی هەرە گەورەی نوێكەرەوەكان زانستە، چۆن كەسێك ڕێگا بۆلای خوا دەبڕێت بەبێ زانست و خەڵكی بۆلای خوا بانگ ئەكات، ئەوەتا خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿قُلۡ هَلۡ

---

[٤] صەحیحە. ئەبو داود لە (سنن أبي داود)(ژ٣٦٤٨). وە ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٢٦٨٢). وە ئیبن و ماجە لە (سنن ابن ماجة)(ژ٢٢٣) ڕیوایەتیان كردووە، ئەلبانی دەفەرمووێت: فەرموودەیەكی صەحیحە).

يَسۡتَوِي ٱلۡأَعۡمَىٰ وَٱلۡبَصِيرُۚ أَفَلَا تَتَفَكَّرُونَ ﴿٥٠﴾[٥]،

واتە: (ئەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) پێیان بڵێ: ئایا کەسێکی کوێر چۆن یەکسان ئەکرێت لەگەڵ کەسێکی بیناو خاوەن چاو، ئایا ئێوە چیتانە ئەوە بۆ بیر ناکەنەوە)، چونکە ئەم دوانە هەرگیز یەکسان نین، کەسی کوێر خۆی ناتوانێ ڕێگا ببڕێت ئەی چۆن ئەبێتە ڕێنیشاندەر بۆ خەڵکی، وە هەروەها خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿قُلۡ هَلۡ يَسۡتَوِي ٱلَّذِينَ يَعۡلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٩﴾﴾[٦] واتە: (ئەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) پێیان بڵێ: ئایا ئەوانەی کە زاناو شارەزان وەکوو

---

[٥] سورة الأنعام.

[٦] سورة الزمر.

ئەوانەن کە نەزان و نەشارەزان، نەخێر ئەم دوانە هەرگیز یەکسان نین) .

"خۆشەویستانم": خوای گەورە سەبارەت بەو میراتگرە ڕاستەقینانە دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ أَوْرَثْنَا ٱلْكِتَـٰبَ ٱلَّذِينَ ٱصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا ۖ فَمِنْهُمْ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِۦ وَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ وَمِنْهُمْ سَابِقٌۢ بِٱلْخَيْرَٰتِ بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَضْلُ ٱلْكَبِيرُ ﴿٣٢﴾﴾[٧] وتەی خوای گەورە ﴿ثُمَّ﴾ واتە: دوای ئەوەی کە تۆمان هەڵبژارد ئەی کاملترینی هەموو پێغەمبەران ـ بە پەیامێکی گشتی، وە پشتگیری کارەکەتمان کرد بە دابەزاندنی

[٧] سورة فاطر .

قورئانی پیرۆزی خاوەن موعجیزەی کورت و پوخت، کەوا گشتگیرە بە هەموو ئەو سوودانەی کتێبە ئاسمانیەکان، وە لەگەڵ زیادەی سوودی هەموو ئەو شتانەش کە لە کتێبەکانی پێشووتردا دابەزێنراون لە لایەن خوای گەورەوە، ﴿أَوۡرَثۡنَا ٱلۡكِتَٰبَ﴾ واتە: ئەو قورئانەی کە دابەزێنراوەتە لای تۆ، وە هێشتوومانەوە لە دوای تۆ لە نێوان گەلەکەت (بووبە میرات بۆیان)، ﴿ٱلَّذِينَ ٱصۡطَفَيۡنَا مِنۡ عِبَادِنَا﴾ واتە: زانایانی ئوممەت لە ناو هاوەڵان و دوای ئەوانیش لە زانا کارەکەرە بەتەقواکان و خواناسەکانمان (هەڵبژارد)، ﴿فَمِنۡهُمۡ ظَالِمٞ لِّنَفۡسِهِۦ﴾ واتە: جا کەسی وا هەیە لە نێو ئەم ئوممەتە ستەمی لە خۆی کردووە بەهۆی کەم تەرخەمی

له هەبوونی زانست بەو شتە، یاخود کەم تەرخەمە لەو کردەوانەی کەوا مافی خۆی پێنەداوە لەگەڵ بوونی زۆری چاکەش، لە ئەنجامی سەرقاڵ بوونی بە هەندێك لەو خۆ ماندووکردنانەی لە شتە نزیك خەرەوەکان و خۆش ویستراوەکان، وە ئەوە"ئیمانداریێکە لێخۆشبوونی پەروەردگار ئەیگرێتەوە"، وە با وا گومان نەبردرێت کەوا ئەو کەسەی ستەمی لە نەفسی خۆی ئەکات بێ بەشە لەو لێخۆشبوونە، چونکە ئەساسی هەڵبژاردن و ئیمان و ئیسلام ئەوە ملکەچیە لە وتەو تەسلیم بوون، وە ئەو باسکردنەکەش دەربارەی ستەم لە نەفسی خۆ کردن پێش خراوە ئەوەش بۆ بەرپەرچدانەوەی وەهمە بێ بەشبوونەکانێتی لە بەهەشتی نەبڕاوە، وە بۆ پەلەکردن لە دڵ خۆشکردنی، لەبەر ئەوەی لە کەسانی خواپەرست

و هەڵبژێردراوانە، ﴿وَمِنۡهُم مُّقۡتَصِدٞ﴾ ئەوە ئەو کەسەیە کە مافی خۆی ئەداتێ لە زۆربەی کاتەکاندا، بۆیە لە کارەکان و کردەوەکان و وتەکان و هەموو حاڵەتەکاندا میانەکاری ئەکات، ئەوەش "وەلیەکی چاکەکارە"، ﴿وَمِنۡهُمۡ سَابِقُۢ بِٱلۡخَيۡرَٰتِ﴾ واتە: بەردەوامبوونە لەسەر خواپەرستی، گورجوگۆڵە و قۆڵی لێ هەڵماڵیەوە بەردەوام بۆ کردەوە چاکەکان، وە لە بەخشینی ماڵ و ساماندا بۆ هەژار و ئاوارەکان لە پێناو خوای گەورە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورە، وە پشتێکەرن لە دونیاو ئەوەی لە ناویشیدا هەیە، وە بەڕاستی بە کردەوە چاکەکانیان لە هەر دوو بواری فێرکردن و ڕێنمایی کردن بەرەو زیادبوون ڕۆیشتن، ئەوانە "میراتگرە خواییەکانن"ـ"ئەهلی مەعریفە و

خۆشەویست و نزیکخراوەکانن"، هەروەکوو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَٰكِن كُونُواْ رَبَّٰنِيِّـۧنَ بِمَا كُنتُمۡ تُعَلِّمُونَ ٱلۡكِتَٰبَ وَبِمَا كُنتُمۡ تَدۡرُسُونَ ۝٧٩﴾[8] واتە: (بەڵام ببنە کەسانێکی زاناو ئیشکەرو ڕەبانی و خوایی، بۆ ئەو بژین، وە بەرنامەی خوا فێری خەڵك بکەن، وە خۆشتان بەردەوام هەوڵی خۆ فێرکردن بن)، ﴿بِإِذۡنِ ٱللَّهِۗ﴾ وە لەو شتانەی کە بڕیاری لەسەر دراوەو دامەزراوە لە کتێبەکەی خۆیدا، وە پێغەمبەرەکەشی (صلی اللە علیە وسلم) بە زمانە شیرینەکەی قسەی پێ کردووە، کە ئەوانە کەسانێکی چاکەکارو چاکەخوازن لە عاریفەکان و میراتگرەکانن .

[8] سورة آل عمران .

## مەرجەکانی بوون بە میراتگرو نوێکەرەوەی دین.

"خۆشەویستەکانم": جەنابی شێخمان شێخ عەباس فازڵ حەسەنی سامەڕائی (قدس الله روحه) چەند مەرجێکی داناوە بۆ ئەوەی ئەو کەسەی کە بانگەوازی شێخایەتی و مورشیدایەتی ئەکات لە نێو خەڵکیدا ئەبێت ئەم چەند مەرجەی تێدا هەبێت، ئەگینا دەست نادات بۆ ئەوە کەوا خەڵك بەدوای کەون، چونکە خۆی کەم و کوڕی هەیە لە حاڵی ئیتر چۆن چارەسەری کەم و کوڕی حاڵی خەڵکی ئەکات .

یەکەم: پێویستە زانا بێت بە (فَرْضُ العَين)، وەکوو پێنج ڕوکنەکانی ئیسلام، وە بە تایبەتی زانستی خواپەرستی لە سوننەتەکان و ئادابەکان، جا ئەو کەسە ئیشکەرە بەو دینە کامڵ و چاکە، لەگەڵ ورە بەرزی و خۆڕاگری لە پێناو خوای گەورە، وە فەرمانەکان بۆ

خۆی جێ بەجێ دەکات، وە واز لە قەدەغە کراوەکانیش دەهێنێت، وە ڕازیشیە بە قەدەر بۆ گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە ـ جلّ في عُلاه .

دووەم: دەبێت زانا بێت بە ڕاستیە زانستیەکان، (حقائق العلوم)، ئەوەش زانستی پەروەردگار ناسیە، بۆیە پێویستە لەسەر بیروباوەڕی ئەهلی سوننە لێکۆڵینەوەو تەحقیقات بکات، لە یەکتا پەرستی و یەکلایی بوونەوە و بە تاکگرتندا، بە کردەوەو دڵ خۆشیەوە، دوای ئەوەی کە زانست و کەسەکانی ناسی، جا لە دڵ و ڕووحیەوە شایەتی ڕاستی لەسەر دەدات، وە شایەتی ئەهێنێ کەوا خوای گەورە تاك و تەنیایە و پاك و پیرۆزە لە زاتی خۆی و سیفاتی بەرزی و کردەوەکانیدا، وە بە تاسەو شەوقەوە ناوە جوانەکانی خوای گەورە دەناسێنێ، وە ئەیگەڕێنێتەوە بۆ لای زاتی خۆی، چونکە زاتێکە ماهیەت و چێیەتی نیە،

هەروەکوو خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿هُوَ ٱلۡأَوَّلُ وَٱلۡأٓخِرُ وَٱلظَّٰهِرُ وَٱلۡبَاطِنُۖ وَهُوَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ ۝٣﴾[9] واتە: (خوای گەورە زاتێکە یەکەمە بە بێ ئەوەی شتێك لە پێش ئەو هەبێت، وە کۆتاشە بە بێ ئەوەی کۆتایی پێ بێت و لە ناو بچێت، وە بە بێ ئەوەی هیچ شتێکیش لە دوای ئەوەوە هەبێت،، وە لەسەرووی هەموو دروستکراوانی خۆیەتی هیچ شتێك لە سەرووی ئەو نیەو زاڵە بەسەر گشت دروستکراواندا، وە زاناشە بەناوەوەی هەموو شتێك و هیچ شتێکیشی لێ ون نابێت، وە ئاگاداری هەموو شتێکە ئەوەی لەو گەردوونەدا هەیە)، وە دەفەرمووێت: ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ۝١١﴾[10] واتە: (هیچ

---

[9] سورة الحديد .

[10] سورة الشورى .

شتێك هاووێنەی خوا نیە، وە زاتێکە بیسەرو بینەرە بە دروستکراوانی خۆی) .

سێەم: بە دڵنیاییەوە دەبێت دەروونی خۆی پاککردبێتەوە بەهۆی تێکۆشان و ڕەوشتی محمدی(صلی الله علیه وسلم)، وە لەسەر دەستی کەسێکی خواناس و ڕابەرێکی پەروەردەکار هەواڵی پایەکانی نەفس و نەخۆشیەکان و وەسوەسەکانی پێ ٚ درابێت، وە فێڵەکانی شەیتان و هاتنە ژوورەوەکانی ناسیبێت، وە نەهامەتیەکانی هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی ڕێگا بڕین بۆ لای خوای گەورە شارەزابێت، وە ڕێگاکانی چارەسەری بۆ هەر یەکێك لە نەهامەتیەکانی ئەو قۆناغە بزانێت لەوەی کە گونجاوە بە پێی بارو حاڵی هەر کەسێك، جا خوای گەورە ڕێزت لێ ٚ دەگرێت بەوەی کە ڕێزی لەو ناوە لە پاککردنەوەو بەرز بوونەوەدا، موفتی حەنبەلیەکان لە بەغداد لە سەدەی پێنچی

کۆچی، ئیمامی ڕەببانی، شێخ عبد القادر گەیلانی (قدس اللّٰه سره) دەفەرمووێت: (کێ ئاگادارت دەکاتەوە بە ڕیاکەت، چونکە هەموو شتەکانت ڕیایە، تەنها ئەو کەسانە نەبن کە خوای گەورە پاراستوونی، جا چارەسەرت دەکەن بەو شتەی کە خوای گەورە ئەوانی پێ چارەسەر کردووە) .

چوارەم: پێویستە میراتگری محمدی(صلی اللّٰه علیه وسلم) ڕێپێدراو بێت لە لایەن شەیخی گەورەو خواناس و خوایی خۆی، ئەوەش بە ڕووتێ کردنی ڕووحی (التوجه الروحي) بە ئیزنی خوای گەورە، وە بە ڕێنمایی کردن، یاخود بە جێگرەوەی گشتی لەوەوە، وە هەر ئەمەشە کە خوای گەورە پشتیوانی لە ئێمە کردووە بۆی، وە ئەم ڕێپێدراوەش دەبێت بە خەتی مورشیدی گەورە و ئیمزای خۆی بێت، وە هەندێك لە کەسە تایبەتیەکانی

خۆی کاتێك که له ژیاندایه بەوه ئاگادار بکاتەوه کەوا ئیجازەی بەو کەسە داوه، ئەو کاتە دەستەکان گەیەنراو دەبن، وه شایسته دەبێت بەوەی که ڕێ بەخەڵکی بدات به زیکری (الله) له دڵدا ئەوەش "گەورەترین ناوه" .

هەروەها جەنابی شێخمان خوای گەوره پایەداری کات له شوێنێکی تردا ئەفەرمووێت: کەسی مورشید ئەبێت ئەم سێ سیفەتەی له خۆیدا بەرجەسته کردبێت

١. إسلامی الإتباع: ئەبێت به دوای وردوو درشتی ئەم دینه پاکه کەوتووبێت .

٢. محمدي الأخلاق: ئەبێت ئەخلاق و ڕەوشتی وەکوو ئەخلاق و ڕەوشتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) وابێت .

٣. رباني الأحوال مع الله: کەسێکی خوایی و ڕەببانی بێت، وە بەحاڵی دڵی ڕووحی نەفسی لەگەڵ خوای گەورە بێت .

ـ هەروەها حوججەتولئیسلام ئیمامی غەزالی (قدس الله روحه) لە بارەی مورشیدو شێخی کامڵەوە ئەفەرمووێت: مەرجی ئەو شێخەی کە دەست ئەدات بۆ ئەوەی ببێتە جێگری پێغەمبەر دەبێ زانا بێت بەلاّم هەموو زانایەك دەست نادات بۆ خیلافەت (بوون بە جێنیشین)، جا ئەفەرمووێت: من هەندێك لەو نیشانانەت بۆ باس ئەکەم تاوەکوو هەموو کەسێك بانگەواز نەکات بڵێ: من مورشیدم .

١. مورشید کەسێکە کە پشتی لە خۆشەویستی دونیاو ناوبانگ کردووە .

٢. بە دوای کەسێکی بەرچاو ڕوون کەوتووبێ بە زنجیرە ئەم دواکەوتنە بگاتەوە پێغەمبەری خوا(صلی اللّه علیه وسلم) مەبەستی ئیمام مورشید ئەم زانستەی لە شەیخی خۆی ئەمیش یەك لە دوای یەك تا ئەگاتە پێغەمبەری خوا(صلی اللّه علیه وسلم) وەرگرتبێت .

٣. دەبێت لە ڕووی ڕیازەی نەفسیەوە (واتە موجاهەدەی نەفس) چاك و باش بێت لەکەم خواردن و کەم قسەکردن و کەم خەوتن و زۆر نوێژکردن و بەخشین و ڕۆژووگرتن .

٤. دەبێت شەیخێکی بەرچاو ڕوون خاوەن بەصیرەت چاودێری بکات، بۆ ئەوەی ئەو ڕەوشتە چاکانەی کە لەودا هەیە بۆ ئەو ببێتە دەرس و کاری پێ بکات، جا هەر لە ئارام گرتن و نوێژو شوکرو پشتبەستن و یەقین و قەناعەت و ئیطمئنانی نەفس و نەرمی و خۆبەکەم زانین و زانست و ڕاستگۆیی و شەرم و وەفاو ویقارو زوو بڕیارنەدان و چاودێری شتان و هاو شێوەکانی ئەمانە، جا ئەگەر ئەم سیفەتانەی هەبوو ئەوە نورێکە لە نوورەکانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ئەکرێ خەڵك بەدوای بکەوێ بەڵام بوونی ئەم جۆرە کەسە دەگمەن و کەمە، بەڵکوو مەزنترو شکۆدارترە لە گۆگردی سۆر (كبريت الأحمر)[11] .

[11] (أيها الولد)(ل٦٣): هی ئیمامی ئەبو حامید محمدی کوڕی محمدی کوڕی محمدی

ـ دیسانەوە ئیمامی غەزالی (قدس اللّٰە روحە) دەفەرمووێت: دەبێ زۆری گرینگی دانی زانستی (باطن) ژوورەوە بێت، وە چاودێری دڵ بێت، وە ناسینی ڕێگای دوارۆژوو برینی ڕێگاکەی بێت، وە ڕاستگۆ بێت کاتێك شتێکی بۆ کەشف ئەبێت لەو تێکۆشانەو چاودێرییە کە ئەیکات، لەبەر ئەوەی بە موجاهەدە ئەگاتە موشاهەدە (بینینی شتەکان ئەوانەی لە ئێمەوە دیار نین)، وە وردەکارییەکانی زانستی دڵ بە هۆی موشاهەدەوە کانیاوەکانی حیکمەتی دڵ هەڵئەقوڵێن، بەڵاّم کتێبەکان و فێرکردن بەس نیە، مەبەستی ئیمام تۆ بەتەنیا لە ڕێی کتێبەوە ناتوانی بگەیتە پلەی

---

غەزالیە. (مەبەست بە گۆگردی سۆریش: دیارە لە سەردەمی ئیمام ئەم ماددەیە بە دەگمەن دۆزراوەتەو کەم بووە، ئیتر لەوەوە بۆتە پەندو ئەشوبهێنرێت) .

موشاهەدەو پلەی ئیحسان، ئەبێت موجاهەدەی نەفس بکەیت لەگەڵ خوێندنەکەت بۆ بەدەستهێنانی هەردوو زانستەکە زانستی دڵ و زانستی شەریعەت)[١٢].

ـ هەروەها شێخ سەعید حەوا (قدس الله روحه) لەبارەی مەرجەکانی بوون بە موڕشیدو میراتگری ڕاستەقینەی پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت:

١. کەسێکی وەلی و موڕشیدێکی دانایە.
٢. بانگەواز کارە (داعیە) بۆ دینی خوای گەورە.
٣. مامۆستایە بە ئایەتەکانی خوای گەورە جل جلاله.
٤. مامۆستایە بە قورئان و سوننەت .

---

[١٢] (الإحیاء علوم الدین)(ب١/ل٧٣١) .

٥. توانادار بێت لە پاككردنەوەی دەروونەكان (تزكية النفس).

٦. وە توانادار بێت لە گواستنەوەی دڵی مرۆڤەكان بەرەو ئاسۆكان بۆ هەست كردن بە زۆرێك لە شتە شاراوەكان (غەیبیەكان).

٧. وە توانادار بێت لە گواستنەوەی دڵی مرۆڤەكان بۆ مەقامەكانی ئیسلام .

جا ئەم هەموو سیفەتە پێویستی بە زانستێكی دامەزراو حاڵێكی دامەزراو هەیە تا هەمووی لەو كەسەدا كۆ ببێتەوە، بۆ ئەوەی لە یەك كاتدا ببێتە

کەسێکی مامۆستاو پەروەردەکار لە ماوەی پێشەنگی کردن و فێرکردنیدا[13] .

[13] (تربيتنا الروحيه)(ل١٨٦): هی شێخ ئەبو محمد شێخ سەعید حەوایە، دکتۆری شەهید عبد الله عەززام لە بارەی شێخ سەعید حەواوە فەرموویەتی: (ئەبو محمد چ شتێك بڵێین دەربارەی تۆ؟ لە هەر مەیدان و شوێنێکدا پیاوانێکمان ون کردبێت تۆمان دۆزییەوە، لە دەرگای بانگەوازمان دا کۆمانت کردەوە لە یەکێك لە قەلاکانی، ڕێگای زانستمان گرتەبەر تۆمان دۆزییەوەو زانایەکی لە زاناکانی ئەو ڕێگایە، بەرەو شەقامی جیهاد ڕۆیشتین تۆمان بینی شێرێکی لە شێرەکانی، سەیری مەیدانی سیاسەتمان کرد بە تۆ گەیشتین پێنوسێکی لە پێنوسەکانی، ڕێگای بیرکردنەوەی چاك و فەرمان بە چاکەو قەدەغەکردن لە خراپەمان گرتەبەر تۆمان دۆزییەوە وەك مامۆستایەکی دیارو بەرچاو لە مامۆستاکانی ئەو ڕێگایە، ئا بەم شێوەیە لە تۆ دەڕوانین و هیچ کەسێکیش تەزکیە ناکەین لەبری خوای گەورە)، سەیری (موقع فضيلة الشيخ سعيد حوى) بەشی (قالوا عن الشيخ) .

## دەست گرتن بە مورشیدی کامڵ

"خۆشەویستانم": پێویستە قوتابی یاخود مورید دەست بگرێت بە شەیخ و مورشیدێکی کامڵ هەروەکوو سوننەتی خوا وا هاتووە هەر لە ئادەمەوە تا دونیا وێران ئەبێت قوتابی و مامۆستا هەر هەبووەو نابڕێتەوە، جا ئەو کەسەی بڵێ پێویست ناکات وەك ئەوە وایە کە بە پێغەمبەری گوتوبێ: پێغەمبەر پێویستی بە جوبریل نەبووە، هەروەکوو ئەو فەوزایەی کە ئیمڕۆ لە جیهانی ئیسلامی ئەیبینین کە چۆن ئوممەتی لێك ترازاندووەو گشتمانی پارچە پارچە کردووە، ئەوەتا زانای بەناو بانگ ئیبن و خەلدون دەفەرموویێت: (پێویستە بۆ کەسی (سالیك قوتابی) شێخەکی هەبێت، چونکە بە تەنیا ناگاتە ئەو شتانەی

کە ئەیەوێت، نەك لەبەر جیاوازی بە دەستهاتووەکان (مەبەستی ئەوەیە خودی شێخ تێڕوانینێکی فراوانی هەیە بەسەر کتێبەکان و دەقەکاندا) بەڵکوو لەبەر هەستکردن بەشتەکانی ئەو ڕێگایە ئەمەش نەك لە ڕووی ناسینی ئەو زانستە بەدەست هاتووانە (مەبەستی ئەوەیە بۆ گەیشتن بە ئەحواڵی دڵ تەنیا بە خوێندنەوەی کتێبەکان بە دەست نایێت) بەڵکوو ئەم هەستە ئیلهامی و ویژدانی یە کە بەزۆری لە دەرەوەی ویستەکانەوە پەیدابووە لەو کردەوانە لەسەر شێوازێکی تایبەت، جا هەست بە جیاکردنەوەیان ناکرێت بەناسینەکانی (زانستی) بەدەست هاتوو بەڵکوو

پێویستی بە شێخێك هەیە كە بۆی جیاكاتەوە بەبەرچاو دەم واتە ڕوو بەڕوو)[١٤].

هەروەها شێخ عبد القادر گەیلانی دەفەرمووێت: (سوننەت و عادەتی خوای گەورە وا هاتووە كەوا لەسەر زەوی شەیخ و مورید هەبێت، هاوەڵگرو هاوەڵگیراو (واتە هاوەڵایەتی) شوێنكەوتەو شوێنكەوتوو هەر لە ئادەمەوە (علیە السلام) هەتا قیامەت هەڵئەستێ، (ئینجا باسی ئەوە ئەكات كە چۆن لە بەهەشت دەركراو دابەزییە سەر زەوی كە چۆن پێویستی بە شێخێك هەبوو، ئەویش جوبریل (علیە السلام) بووبە مامۆستاو شەیخی (....) ئینجا دەفەرمووێت: هەر بەو شێوەیە شیث پێغەمبەر (علیە

[١٤] (شفاء السائل)(ل٦٥).

السلام) لەسەر دەستی باوکی کە ئادەمە فێربوو، ئینجا ڕۆڵەکانی لەو، وە هەروەها نوحیش (علیە السلام) بەو شێوەیە ڕۆڵەکانی خۆی فێرکرد، وە إبراهیم (علیە السلام) ڕۆڵەکانی خۆی فێرکرد هەروەکوو خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَوَصَّىٰ بِهَآ إِبۡرَٰهِـۧمُ بَنِيهِ وَيَعۡقُوبُ ١٣٢﴾[15]، واتە: (إبراهیم و یەعقوب ئەم ئاینەیان بە کوڕەکانیان و ڕۆڵەکانیان وەسیەت کردو ڕایان سپارد)، بەڵێ فەرمانی پێ کردن و فێریانی کرد، بەو شێوەیەش موساو هاڕون ڕۆڵەکانی خۆیانیان و بەنی ئیسڕائیلیان فێرکرد، وە عیسا(علیە السلام) حەوارییەکانی فێرکرد، ئینجا جوبریل (علیە السلام) پێغەمبەرمانی فێرکرد(صلى الله علیهم أجمعین)،

[15] سورة البقرة .

(....) پاشان هاوەڵەکان (رضي الله تعالى عنهم) لەوەوە فێری زانست بوون، ئینجا شوێنکەوتووەکان لە هاوەڵەکان فێربوون، ئینجا شوێنکەوتووی شوێنکەوتووانیش لەوانە فێربوون، سەدە لە دوای سەدە سەردەم لە دوای سەردەم)[١٦].

هەروەها لە شوێنێکی تردا ئەفەرمووێت: (هاوەڵایەتی شەیخێکی زانا بە ئەحکامەکانی خوای گەورە بکە، زانستەکەی ڕێگاتان نیشان ئەدات بۆ لای، کەسێك سەرکەوتوویەك نەبینێ سەرکەوتوو نابێت، کەسێك هاوەڵایەتی زانایەکی بەکردار نەکات ئەوە لە

---

[١٦] (الفتح الربانی)(ل٢٦٩). شەیخولئیسلام ئیبن و تەیمیە لەبارەی شێخی گەیلانیەوە ئەفەرمووێت: (ئەوەی ئێمە هەڵیبژێرین لە قسەی پێشەواکانمان (...) وە لە پاشینەکانی ئەوان قسەی (شێخ ئەبو محمد عبد القادری کوڕی ئەبی ساڵحی گەیلانیە) سەیری (مجموع الفتاوی)(ب٥/ل٨٥) کتاب الأسماء والصفات .

خاك دەرهاتووە نەباوكی هەیە وە نەدایك، هاوەڵایەتی کەسێك بکەن کە هاوەڵایەتی لەگەڵ حەق هەیە کە خوای پەروەردگارە)[17].

هەروەها دەفەرمووێت: (ئەی بێ ئاگا ئەگەر نەفست بە پشت کردنە دونیاو خەڵکەکەی یاخود بە دەسپێکی لە کردەوە خراپەکان هۆگربووە (ئونسی پەیدا کردووەو بەم شتە ئارامە) ئەوە سوپاسی خوا بکە، ئەگەرنا بگەڕێ بەدوای کەسێك تا لە تەنگ و چەڵەمەکان و ناڕەحەتیەکان دەرت بهێنێ، تۆ دڵت مردووە کەسێکیش هاوەڵایەتیت دەکات کە دڵی مردوو بێت، لەسەرتە هاوەڵایەتی زیندووەکان و نوجەبایەکان و ئەبدالەکان بکەیت، تۆ گۆڕی ئەچیتە

[17] (هەمان سەرچاوە)(ل٢٦٩) .

لای گۆڕێكی وەك خۆت، مردووی ئەچیتە لای مردوویەكی وەك خۆت، تۆ نەخۆشی كەسێكی نەخۆش و كوێری وەك خۆت بەرەو ڕێت ئەبات، هاوەڵایەتی ئیمانداره ساڵیح و یەقین دارەكان بكە، ئارام بگره لەسەر قسەكانیان و وەریان بگرەو كاریان پێ بكە، ئەگەر وات كرد سەركەوتوو ئەبیت)[١٨].

هەروەها شەیخولئیسلام ئیبن و تەیمیه (قدس الله روحه) دەفەرمووێت: (ئەو شێخانەی كه دەكرێنه پێشەواو (إقتیدایان) پێ ئەكرێت و ئەبنه ڕێ نیشاندەر بۆ لای خوای گەوره، وه بانگەواز ئەكەن بۆ لای وەكوو ئیمامی پێش نوێژ وان (....)، وەك ڕێ نیشاندەرێك كه ڕێگای حاجیان نیشان بدات بۆ ماڵی خوا (جل

[١٨] (هەمان سەرچاوه)( ل٢٤٨) .

جلاله)، جا هەموویان حەجی ماڵی خوا ئەکەن، هیچ کەسێك لەوان بەشی خوایەتی نیە، بەڵکوو ئەگەر کەسێك شتێك لەوە بۆ ئەوان دابنێ ئەوە لە ڕەچەڵەکی یەهودو نەساراکانە کە خوای گەورە لە بارەیانەوە ئەفەرمووێت: ﴿ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ﴿٣١﴾﴾[19]، واتە: (جولەکەو دیانەکان قەشەو مالمەکانی خۆیانیان کرد بە چەند خودایەك لە بری خوای گەورە)[20]

بۆیە بەڕێزەکانم پێویستە بۆ گشت موسڵمانێك شەیخ و ڕابەرو مامۆستایەکی هەبێت بەگوێرەی ئەو سیفاتانەی کە باسمان لێوەکرد، جا هەر کەسێکیش بڵێ

[19] سورة التوبة .

[20] (مجموع الفتاوى)(ب١١/ل٤٩٩) .

پێویست بەوە ناکات دەست بەشەیخێکەوە بگرم ئەوە لێرەوە ئاگاداری ئەکەینەوە ئەو کەسە هەم خۆی گومڕا بووە هەم خەڵکیش گومڕا ئەکات، هەروەکوو **عبد الله کورِي عةمري کورِي عاص لة** پێغەمبەری خواوە بۆمان ئەگێڕێتەوە کەوا ئەفەرموویێت: (**سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ : "إِنَّ اللهَ لا يَقْبِضُ العِلْمَ اِنْتِزَاعاً يَنْتَزِعُهُ مِنَ العِبَادِ، وَلَكِنْ يَقْبِضُ العِلْمَ بِقَبْضِ العُلَمَاءِ، حَتَّى إِذَا لَمْ يَبْقَ عَالِماً اِتَّخَذَ النَّاسُ رُءُوساً جُهَّالاً، فَسُئِلُوا فَأَفْتَوْا بِغَيْرِ عِلْمٍ، فَضَلُّوا وَأَضَلُّوا**)[٢١]، (گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو کەوا

---

[٢١] صەحیحە. ئیمامي بوخاري لة (صحيح البخاري)(ژ١٠٠): كتاب العلم باب: كيف يقبض العلم. وە ئیمامی موسلم لە (صحيح المسلم)(ژ٢٦٧٣): كتاب العلم باب: رفع العلم وقبضة. ڕیوایەتیان کردووە.

دەیفەمەرموو: خوای گەورە بەیەك جارەكی زانستی دین لەناو خەڵكیدا هەڵناگرێتەوەو نایهێڵێ، بەڵكوو بەهۆی مردنی زاناكانەوە ئەم زانستە هەڵ ئەگرێتەوەو نایهێڵێ، وە كاتێكیش زاناكان نەمان ئەوە كەسانێكی نەزان و نەشارەزا بەدین ئەبنە ڕابەرو پێشەوای خەڵك، ئیتر ئەو ڕابەرە نەزانانەش پرسیاریان لێ دەكرێ ئەویش بەبێ ئەوەی زانستی هەبێت فەتوا ئەدات و هەم خۆی گومڕابووە، وە هەم كەسی پرسیاركەریش گومڕا ئەكات) خوا پەنامان بدات، چونكە بەنەزانینی خۆی ڕاستەوخۆ ئەچێت لە قوڕئان و سوننەت ئەكۆڵێتەوە كەچی تێگەیشتنێكی قوڵی لەزمانی عەرەبیش نیە، وە سەرسامە بە بۆچوونە هەڵەو فەتواكانی خۆی، بۆیە

لەخوا بترسن ئەو ئەمانەتە ئەمانەتی دینە لێپرسینەوەی قولّی لەسەرە لە ڕۆژی دوایی.

سوپاسی خوا ئەکەم لەسەر تەواو کردنی ئەم نامیلکە پیرۆزە کە یارمەتی دام لەسەر تەواوکردنەکەی، وە سوپاسی گشت مامۆستاو شەیخ و ڕابەرێکی خۆم ئەکەم چ ئێستاکە لەوانەی کە لە دونیان وە ئەوانەش کە وەفاتیان کردووە، خوای گەورە بە باشترین شێوە پاداشتی ئەو زاتە بەڕێزانە بداتەوە کە ئێمەیان بەو ڕۆژە گەیاند.

وصلي الله وسلم على سيدنا وقائدنا وشيخنا محمد وعلي آله وأصحابه وأتباعه الى يوم الدين ﴿رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ﴾،

﴿رَبَّنَا تَقَبَّلْ مِنَّا إِنَّكَ أَنتَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ وَتُبْ عَلَيْنَآ ۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ﴾ .

**خزمەتكارى دين و ئوممەت**

**مە لا ڕەزوان ناسراو بريندارى شاعر**

١/٨ شەعبان/١٤٣٨ھ

كوردستان ... هەولێر




# ئیمان ... ئیسلام ... ئیحسان

## ڕێگامانە

چاپی یەکەم 2017